ژمارە: ٢٥ No:

ڕۆژ: ٢٠١٥/٨/١١ Data:

# بڕیاری ژمارە (٢٥) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی پانزدەیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١١، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٩) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٩) ئەندام، بەمەبەستی زیندوو ڕاگرتنی کەلتوری مێژوویی و هونەری تەلارسازیی خۆماڵیی و ڕەسەنایەتیی شارەکان، بەپشتبەستن بە مادەکانی (٥)و (٦ بڕگەکانی ٦ و ٨) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩و، بڕیاری سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٧٩/١٣٨ لە ١٩٩٩/٧/٢٠)و، نووسراوی وەزارەتی داد ژمارە (٤١٦٠/٥ لە ٢٠٠٩/١٢/١٩)و، نووسراوی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی ژمارە (١٣٧٢/٥ لە ٢٠٠٩/١٢/١٨)و، نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١٤٢٢ لە ٢٠١٠/٩/٢٦)و، نووسراوی وەزارەتی شارەوانیی ژمارە (٢٧٢٩ لە ٢٠١٠/١١/٢٨)دا، بڕیاریدابە:

١. قەدەغەکردنی ڕوخاندنی گەڕەک و خانووە کۆنەکانی سلێمانی، بەتایبەتی لە گەڕەکی سەرکارێزەوە تا سنوری عەقاری (ئاشتی)و لە شەقامی ئیبراهیم پاشاوە تا هەموو گەڕەکەکانی جولەکان.

٢. لەلایەن پارێزگای سلێمانییەوە کاری خێرا بکرێت بۆ ئەوەی گەڕەک و خانووە کۆنەکانی سلێمانی بخرێنە دەست ڕێکخراوی یونسکۆ، بەمەبەستی تۆمارکردن و پاراستنیان و چاودێریکردنیان.

٣. لە لایەن پارێزگای سلێمانی و سەرۆکایەتیی شارەوانیی سلێمانی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ترەوە ئەم بڕیارە جێبەجێدەکرێت و خاوەنموڵکەکان لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە قەرەبوو دەکرێنەوە.

٤. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کارپێدەکرێت.

لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١١) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٥)دا.

**د.هەڤاڵ ئەبوبەکر**

**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**